کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 14:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فرمێسکەکانی دادوەر.. چی دەگەیەنن؟ ... خالید هەرکی



کۆمەڵگەی ئەورویپی بە دەمار ساردیەوە ناسراون، لە سیستەمی دادگایش دا دادوەر دەبێ لەسەر خۆ بێ و بەسەر هەڵچونەکانیدا زاڵ وبەتوانابێ دەبێ نەبە پارانەوەو لاوەلاوی تۆمەتبار هەستی جولەبکا نە بە هەراو هۆریای تاوان لێکراویش هەستێتە سەرپێ وسزای قورس بەسەر تاوانباردا بسەپێنێ. (ئەی ئەگەر دادوەریش وەکو قوربانیان فرمێسکی ماڵیەوە؟)

دەبێ بۆ ئەم فرمێسکانەی دادوەر وەستە ئەورووپیانەکەی نەختێک هەڵوەستەیەک بکەین.

ئەوەی باسی لێوەدەکەم نە خەیاڵەو نە گێرانەوەیە لەسەر زاری بینەرێک، بەڵکو ئەم روداوە ئەمرۆ 2007-04-04 لە کۆشکی دادی لاهای لە هۆڵەندا رویدا کاتێک دادگای تێهەڵچونەوە لەسەر بریاری دادگایی یەکەی تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات بەرێ دەچوکە پارسال بە 14 ساڵ حوکم درا بە تاوانی فرۆشتنی مادەی ت. د. گ بە عێراق ئەم مادەیە پێکهاتەی ئەو چەکە کیمیایە بوبەناوی (خەردەل) کە رژێمی عێراق لە کوردستانی بەکار هێناو بو بەهۆی کوشتنی هەزاران هاولاتیی سڤیلی کورد لە هەڵەبجەو شێخوەسانان و سەردەشت چەندین ناوچەی تری کوردستان.

لەدانیشتنی دوەمی ئەمرۆدا لەسەرەتا هۆڵەکە بە پرسیار و وەڵام لەنێوان دادوەرو شایەدحاڵ والتر بێک کە بسپۆر وپشکێنەری چەکە کیمیاویەکانی عێراق بو لە لیژنەی پشکێنەرانی سەر بە ئۆنسکۆم لە ساڵەکانی نەوەتەکان لە عێراق کاری دەکرد دەست پێکرد، ناوبراو زۆر زیرەکانەو بەجەرگانەو هەروەها بەویژدان ومرۆڤ پەروەرانە وەلامی دادوەری دەدایە و ئەوەی لە قسەکانی ناوبراودا دەهات گشتی لەبەرژەوەندیی کیشەکەدابون، چونکە نەریت و سیستەمی دادگاکانی ئەوروپا بەگشتی وهۆڵەندا بەتایبەتی تاوانبار ناخەنە ناو قەفەزەوە ودەستەکانی بە کەلەپچە نابەستنەوە بۆیە تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات بە ئارامی وبێ جولە پێ لەسەر پێ رووەو دادوەرەکان و لەبەردەم پارێزەرەکان لێی دانیشتبو بێ ئەوەی لەسەرەتا هیچ وتەیەک یا جولەیەک هەستی ناوبراو ببزوێنێ. دواتر داواکاری گشتیش قسەکانی خۆی کرد ئینجا نۆرەی پارێزەری تاوانبار هات کە خۆی داوای پێداچونەوەی حوکمەکەی کردبو، پارێزەرەکە بەڵگە نوێکانی بریتی بو لە نوسراوێک واتە بەڵگەنامەیەک لە دوو لاپەرە کەتیایدا ئاماژەی بەوەدەکرد کە کاتی خۆی عێراق مادەی (ت. د. گ) ی لە بەریتانیاو هەندێک کۆمپانیای ئوستراڵیای کریوە ئەمەش هەر بۆئەوەبو کە کاخەزەکان تێکەڵو پێکەڵ بکاو کێشەکە ئاڵۆزتر بێ بەڵکو لەم میانە مەیدانی تاوانباری سەرەکی تیا گوم یا کەمتر دەبێ. ئەم هەوڵانەی ناوبراو بەفیرۆ چون کاتێک پارێزەرانی قوربانیان نۆرەی هات لەدەسپێکدا ووتی من کەنوێنەری قوربانیەکان بەگشتی و ئەم 15 قوربانیە م کە 13 یان کوردی رۆژهەڵات بون بە رەزامەندی وهاوسەفەرێتی نوێنەری حکومەتی ئێران ئامادە ببون دوانەکەی تریش لە عەرەبی ئەهواز بون. بەڵگە نوێکەی پارێزەرانمان کاتێک خستیانە بەرچاوی ئامادەبوان بەجارێک کشی وماتیەک بەسەر هۆڵەکەدا خۆی کێشا. ئەویش بریتی بو لە کورتە فلیمێکی داکومێنتیی دە خولەکی تیایدا بەشێکی بچوک لەوەی رویداوە نیشانی ئامادەبوان درا، لەگەڵ هەندێک لێدوانی دکتۆری چارەسەرو ژۆرنالیستی هۆڵەندیی ئەوسەردەم.

لەگەڵ ئەوەی روی ئامادەبوان لە شاشەی نیشاندەرەکە بو ناوە ناوە دادوەر پشتی لە دیمەنە جەرگ برەکان دەکرد وسەیرێکی ناوچەوانی تاوانبار فرانس ڤان ئەنراتی دەکرد دادوەر ئەم رو وەرگێرانەی بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 14:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چەندجارێک دوبارەکردەوە هەرجارەو مۆرەکە ی گرژتر و توندتر خۆی نیشان دەدا وەک ئەوەی بیەوێ پەلاماری تاوانبار بدات.. تا کار گەیشتە ئەوەی دادوەر خۆی پێنەگیرا لە تەواوبونی فلمەکە دا دادوەر لەژێر چاویلکەکەیەوە فرمێسکی دەمالیەوە. کاتێک کۆتایی بە فلمەکەهات بۆ چەند چرکەیەک هەست لە هۆلەکەبرا ئیتر ئەم دادوەرە نەم دی قسەیتر بکا تا دادوەری تەنیشتی کەوتە وەگەرخستنەوەی دانیستنەکەو دواتر نۆرەی قوربانیان هات ئەوانیش لێدوانەکانیان ئەوەندە کاریگەربون هیچ لە فلمەکە کەمتر نەبون..

لەکۆتاییدا وێرای دەستخۆشی لە چاک وپارتی س. پ هۆلەندی وحکومەتی ئێران و سەرجەم ئامادەبوان... دەلێم... بریا ئەو فیزانەی بەو کەسانە دران کە لە 2007-03-22 لە هەولێرەوە سەفەریان کرد بەبیانوی گەیاندنی پەیامی هونەری بە گەلانی ئەوروپا و خۆیان گەیاندە ئەوێ ودواتریش بەگالتەجاریەوە هەر لە فرۆکەخانەی هەولێر بەیکتر دەلێن کورینە دواتر گازاندەم لێنەکەن بلێن پیی نەوتین من لەئێستاوە پێتان دەلێم... من نایەمەوە.. !. لە ئاسمانیش کاتێک لەبەر سەختی کەشو هەواکە فرۆکەکە تاسەو جولەی دەکرد بەهاوارو پێکەنینەوە لەم سەر بۆ ئەوسەر بانگی یەکتریان دەکرد دەیان وت ئەها من لەبەر ئەم تاسانە نایەمەوە تا جادەکە خۆشنەکەن. !

منیش دەلێم بریا ئەو ڤیزانە بۆ قوربانیانی هەلەبجە بوایە هەرنەبێ بۆ شایەدحالی ئامادەی دانیشتنەکە دەبون و هەلوێستی ئێمەو پارێزەرانیشمان ودۆزەکەشمان بەهێزتر دەبو..

خالید هەرکی... هۆلەندا
www. serben. com
khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.